# تۆماس مۆر

# ...یۆتۆپیاو لیبرالیزم

عبدالرضا الطعان

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵڵا کەریم



تۆماس مۆر لەساڵی(١٤٨٠)لەئینگلتەرە لەدایکبووە، هەموو هزرە سیاسیەکانی خۆی لەکتێبی بەناوبانگی(یۆتۆپیا)دا کۆکردۆتەوە کەبەگشتی ڕەنگدانەوەیەکن بۆواقیعی زیندووی کۆمەڵگای ئینگلیزی.دەتوانین بڵێین کەئەرکێکی قورسە ئەگەر بمانەوێت لەناوەرۆکی فیکرە سیاسیەکانی تۆماس مۆر تێبگەین بەبێ ئاگابوون لەواقیعی نموونەیی ئەو کاتەی بەریتانیا. بێگومان بەریتانیا بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپای ئەو سەردەمە پێشەنگ بووە لەنەهێشتنی ڕژێمی کۆیلایەتی (نظام القنانة)بۆئەوەی بەخێرایی کەسی کۆیلە ببێت بەجوتیارێکی سەربەست وئازاد،سەرەتای ئەم سەردەمەش لەسەدەی چواردەوە دەستی پێکرد، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەدەی پانزەهەم بەریتانیا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی زۆر گەورەی بەخۆوەبینی کەهاوکات بوون لەگەڵ لاوازبوونی کۆمەڵگا لادێیە مام ناوەندییەکان کەبووە هۆی تێکشکاندنی بنەماوچوارچێوەکانی سیستمی فیودالیزم(دەرەبەگایەتی)کەتیایدا مرۆڤی جوتیار دەچەوسێنرایەوە لەبەرئەوەی لەکۆیلەوە بووەتە مرۆڤێکی ئازاد، لەبەرئەوە تەواو پەیوەست کرابوو بەزەوییەوە بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ژیانی گشتی هەبێت،بەڵکو تەنها ئامرازێکی بەرهەمهێنان بوو هیچی تر.

سەرەتای سەدەی شانزەهەم بەگوتەی مێژوونووسی ئینگلیزی (مۆرتۆن)نەفرەت لێکراوبوو بەهۆی زاڵبوونی سیاسەتی ڕستن وچنین لەبەریتانیا کەگەورەترین پیشەی زۆرینەی خەڵکی ئەوکاتە بوو،ئەمە سەرەڕای بێکاری بەربڵاوو،سواڵکردن وبەرزی نرخ ودابەزینی کرێ وسەروەرکردنی ئەو یاسایانەی کەلەسایەیاندا چەوساندنەوەوستەمکاری ئەنجام دەدرا لەلایەن چین وتوێژە دەستڕۆیشتوەکانی کۆمەڵگای ئینگلیزییەوە، هەروەها بەردەوامی جەنگەکان لەنێوان ئەو وڵاتانەی ئەوروپادا کەلەسەر ئێسك وپروسکی کۆمەڵگای فیودالیزم دروست بوون وبوونە یەکەمین سەرمەشقی کۆلۆنیالیزمی جیهانی وسنورەکانی ئەوروپایان بەرەو جیهانی دەرەوە بەزاندو گەلەکەشتیەکانیان خستە قوڵایی

دەریاكانەوە بۆگەڕان بەدوای نفوزو پێگەی سیاسی وبەروبووم وبازاڕی ئابووری پڕبەهاو قازانج. بێگومان وەك باس دەكرێت لەو سەردەمانەدا نیگەرانی ومەینەتیەیەكی زۆر كۆمەڵگاكانی ئەوروپای داگرتبوو كەنەدەكرا بشاردرێتەوە، خۆقوتاركرنیش لەم نیگەرانیە دەرچوون بوو لەبازنەی گۆشەگیری وگرتنەبەری فراوانخوازی بەبەرگێكی سەربازی كۆلۆنیالیزمی.ئەم تێفكرینە نوێیەی پیاوانی سیاسەت لەئەوروپا بووە زادەی گەشانەوەوهەڵسانەوە لەبری لەبارچوون وتێكشكاندن،وەك هاوكێشەو دەرئەنجامێكیش بۆئەم گۆڕانە خێرایە چینێكی بورژوازی سەریهەڵدا كەمتمانەی بەخۆی هەبوو، توانی نەخشەی كۆمەلأیەتی ئەوروپا بێنێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی وبەوپێیەش دامودەزگا وشاروپیشەسازی ومانیفاكتۆراتی نوێ پێكهاتن ودروست بوون.بۆئەوەی هەموو ئەم دەرهاویشتە تازانە قابیلی بەدیهێنان بێت دەوڵەتی نەتەوەیی زۆر بەهێز هاتنە كایەوە كەچەند خێزانێكی شاهەنشایی فەرمانڕەواییان دەكردن بۆنموونە وەك خێزانی(تیۆدۆر)ی دەسەلأتدار لەبەریتانیا.

لەڕاستیدا ئەمە بووە واقیعی بەریتانیا لەوسەردەمەی كە(تۆماس مۆر) تیایدا ژیا كەدەتوانین دایبنێین بەواقیعێكی (هیواو بێئومێدی،ململانێ وپێكەوە ژیان،یۆتۆپیاییەكی ژیاری زۆرو گەندەڵی،تێكشكانی كۆمەڵگای ناوخۆیی ودەرەكی(كەنیسە)،بەرزبوونەوەی هەستی نیشتیمانی كەچوارچێوەیەكی گونجاوی بۆپێشكەوتنی بورژوازی پێكهێنابوو).

باوكی(تۆماس مۆر)یاساناسێكی ناوداربوو كەلەدواییدا بوو بەدادوەر،پاشان بوو بەیەكێك لەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت كەلەنێوان ئەندامانی بورژوازە گەورەكاندا هەڵبژێردرا،تۆماسیش لەماڵی سەرۆكی ئوسقوفەكانی لەندەن(مۆرتۆن)پەروەردەبوو كەلەهەمان كاتدا وەزیری یەكەمی پاشا(هینری حەوتەم)بوو. هەرچەندە مۆر دەیویست ببێتەوانەبێژ بەلأم، بووە یاساناس هەرزووش هەڵبژێردرا بۆئەندامێتی پەرلەمان بۆئەوەی بەناوی دانیشتوانی لەندەنەوە لەچەندین بۆنەویادی گشتیدا بدوێت، بەم شێوەیەش وەك كەسێكی بایەخپێدەری كاروبارەكانی دەوڵەت خۆی بینیەوە،پاشان بۆخزمەتی تاجی پاشایەتی ئینگلتەرا، سەرەڕای ئیرادەی مۆرو ئەو دەرئەنجامە تراژیدیانەی كەلێیكەوتەوە، ساڵی(١٥٢٩)بووە لۆردو ڕاوێژكارێكی لێوەشاوە، بەلأم بەردەوامبوونی لەسەر كارەكەی نائارامی پێوەدیاربوو بەهۆی ناكۆكی لەگەڵ پاشا(هینری هەشتەم)بەهۆی سیاسەتە ئاینیەكانیەوە كەدەیروانی بۆدابینكردنی جۆرێك لەسەربەخۆیی دینی لەدەرەوەی پاپەویەتی ڕۆما،هەربەو هۆیەشەوە لەساڵی(١٥٣٢)دەستی لەكاركێشایەوە

لەداهاتووشـــدا تاوانبـــارکرا بەخیانـــەتکردن وخرایـــــە بەندینخانـــــەوە تالەتـــــەموزی ساڵی(١٥٣٢)دا سەری پەڕێنرا.

هـەڕەت وکـامڵی فیکـری تۆمـاس مـۆر پێدەچێت لەلایـەن (ئیراسمـس)ی هاوڕێیـەوە کێشـرابێت. مـۆر لـەناوناخی خۆیـدا ململانێیـەکی توندوکـەم وێنـەی لـەنێوان کـۆن ونوێـدا هـەڵگرتبوو، هەروەها لـەنێوان هەستی ئینسانی وداخورانی کیرۆسـتیدا(بـورژوای ناوەنـد)،بـەو پێیـەش دەتـوانین بڵـێین کـەخودی پـەیامی ئینسـانی بەتایبـەتی لەئینگلتـەرا گۆڕەپانێـك بـوو بۆئـەم جۆرە ململانێیانە.

لەڕاســتیدا پــەیامی ئینســانی مەســیحیەت ســەرەڕای ئــەوەی کــەبریتی بــوو لــەباوەڕی تایبـەتی توێـژێکی مێـژوویی نوێخـواز، بـەڵام لـەخودی خۆیـدا دەرەنجامێکی فیکری لاهـوتی سـەدەکانی ناوەڕاست بـوو کەلەناخیدا ئایتمی هەڵگەڕانــەوەی هەڵگرتبوو،بــەمجۆرە شــتێکی نامۆ نەبوو کەدوو کۆمەڵگای لێکنەچوو لەهەمان کەسایەتیدا هەبێت واتـە(مۆر)لەهـەمان کاتیش دا بـوونی هـزری تەشکیکی(الـوثنی)سـەردەمی ڕێنیسـانس وهـزری میتـافیزیکی وپاکسـازی سەردەمی ڕیفۆرمی ئاینی تیادا خولقابوو، بەڵام لەهـــەموو حاڵەتەکانـــدا هـــەواداری پـــەیامی ئینسـانی کـەبێ سـنورەوتایبەتە بەچـینێکەوە هەمیشـە دەڕوانێتـە جیهانێـك کەلەبـەرنیگای چاویدا دەکرێتەوە.هـەروەها پـەیامی ئینسـانی ئەوان بەتێزێکی نوێ بۆمێژوو ناسراوە،چونکە لەسـەردەمانێکی نزیکـدا خـەڵکی لـەنێو بێـزاری وبێئومێـدی فیـوداڵ یـزم دا دەژیـان وبەچـاویان دیـوی ڕاستەقینەو ئەندێشـەیی(یۆتـۆپی)چـاخە کۆنـەکانیان دەبینـی کەبەسـەردەمی ئـاڵتونی ناویان دەبرد،بەڵام لەسەدەی پانزەهـەم بـەدواوە پێشکەوتنی شارستانی مرۆڤایەتی توانی ئەو ئاسـتە تێپـەڕێنێ کەلەسـەردەمی ئـەغریقی-ڕۆمانیدا تیایدابوو،واتە لەجیاتی ڕوانینیان بۆ ڕابوردویەکی جوانتر لەئایندە خەڵکی باوەڕییان بەدەســــــتەبەرکردنی دواڕۆژێکــــــــــ باشتروپڕشنگدارتر هەبوو.

بـەمجۆرە سـەرنج دەدەیـن کەسـەرەڕای ئـەوەی گـەل هـیچ ڕۆڵێکـی ئـەوتۆی نـەبوو لـەوەی کەتووشـی جیهـان دەبێـت کەچـی پـەیامی ئینسـانی بەچـاکترین شـێوە خـۆی فۆرمەلـە کـــردەوە لەسەردەســـتی تۆمـــاس مـــۆر بـــــۆدواڕۆژێکی دورتـــــر ودورتـــــریش لەبەرژەوەندییـەکانی چـینی بـورژوازی، واتـە دەیڕوانـی بۆشـادمانی وخێروخۆشـی مـرۆڤ بەشــێوەیەکی گشــتی. هــەڵگرانی پــەیامی ئینســانیەت لەچوارچــێوەیەکی دیــاریکراودا ئـازادبوون لەسـتەمی لاهـوتی کەنیسە،چـونکە هەستیان کردبوو بەپێویستی بۆئاستێکی نوێی بـەها ڕەهاکـان(القـيم المطلقـة)،ئـەم بەهایانـەش لــەدووتوێی پــەیامێکی مەسـیحی عاقڵانــەدا دۆزرانـــەوە بەشــێوەیەکی تایبــەتی لــەکارە فیکرییــــــــــەکانی فەیلەســــــــوفی یۆنانی(ئەفلاتون)لەکتێبی(کۆماری ئەفلاتون)دا.

ئـەو بنەمایانـەی کەئـەفلاتون لەکتێبەکەی‌دا پشـتی پێ‌بەسـتوون تۆمـاس مـۆریش لـەکتێبی(یۆتۆپیـا)دا لەهەنـدێك گـۆڕانی جەوهەرییـەوە پشـتی پـێ بەسـتووە،بەڵام مـۆر بەدڵنیاییـەوە نەیویسـتوە فیکرەکـانی کۆمـاری ئـەفلاتون بڵێتەوە،بـەڵکو ئـارەزووی کـردوە شـێوەی کۆمەڵگایـەك بکێشـێت بەشـێوەیەکی تەواو دروست بێت لەپێناوی وەڵامدانەوەی ئەو گومانانـەی لەسـەری هاتوونەتـە ئـاراوە.ئـەم کۆمەڵگایـەی مـۆر جیـاوازە لـەوەی لای ئەفلاتون،چـونکە لای ئـەفلاتون کۆمـەڵ بریتی‌یەلـەگروپێکی ئەرسـتۆکراتی کەلەسـەر کاری کۆیلـەکان دەژیـن بەشـێوەی کۆمۆنیستی سـەرەتایی،بەڵام لای مـۆر ئـەم کۆمەڵگایـە هـیچ چینایەتیەکی تێدانیە.

تۆماس مۆر کتێبی(یۆتۆپیا)ی لەوپەڕی کامڵی وسـەلیقەی‌دا نوسـی کاتێك تەمـەنی(٣٧)سـاڵ بوو،لەوکاتـەدا پەیوەنـدی زۆر پتـەوی هـەبوو لەگـەڵ گـەورە ڕۆشـنبیرەکان وەك(ئیراسمس)و(کولێت)،ئەو کاتە مۆر ئەندامی پەرلـەمان بـوو، بـەڵام پاشـان بـوو بەنـەیارێکی سەرسەختی تاجی بەریتانیا.

لـە(ئـەنفیر)کاتێك مـۆر سـەرقاڵی ئـەو ئەرکـەبوو دەستیکرد بەنووسینی یۆتۆپیا،وەلەماڵی(پیتەر گلیس)چاوی کەوت بە(ڕۆفائیل هیتلۆدی)کەمۆر لـەیۆتۆپیادا باسـی کـردووە گوایـا هیتلـۆدی(٥)سـاڵ لەدورگـەی یۆتۆپیـادا ژیاوەوکۆمەڵگای ئەویی بینیوە.

گومـان لەوەدانیـە کـەهیتلۆدی لـەیۆتۆپیادا بەناوی تۆماس مۆر-ەوە دەدوێت،بەڵام خودی مۆر ڕۆڵی تیادا دەبینێ، چونکە بەزۆری ڕەخنە لـەهیتلۆدی دەگرێـت.کـارل کاوتسـکی لـەکتێبی(تۆمـاس مـۆرو یۆتۆپیاکـەی)دا حـەزیکردوە جۆرێـك لـەجۆرەکانی نـاکۆکی ودژیـەکی درك پێبکـات کـەمۆری هەراسـان کردووە،بەڵام (مۆرتۆن)لەوەڵامی ئەمەدا دەڵێت: هیتلـۆدی ومـۆر هـەردووکیان دەرکـەوتوون وەك ئەکتـەری یـەك کەسایەتی بن لـەو کۆمەڵەدا،ئەو ڕەخنەیەش کەمۆر ئاراستەی هیتلۆدی کردووە تـەنها ئـەو دیـالۆگ وگفتوگۆیەیـە کـەمۆر لەگـەڵ خودی خۆیدا کردویەتی.کتێبی یۆتۆپیا دابەش دەبێت بەدووبەشـەوە" بەشـی یەکـەم بریتی‌یەلـە وەسـفکردنی لایەنـە نێگەتیڤـەکان کـەبوونیان هەیـە بەتایبـەتی لەئینگلتـەرا.بـەڵام بەشـی دووەمـی بریتی‌یـە لەوەسـفکردنی ئـەو دورگـە خەیاڵیە(ئەندێشەی یۆتۆپیای مۆر)بەشێوەیەك کـەپێی وابـوو ئـەوەی لەوێدایـە دەتوانێـت ئـەو لایەنە نێگەتیڤانە تێ‌بپەڕێنێت وخاڵێ کامڵبوون بەدەستبهێنێ.

ئـەو لایەنـە نێگەتیڤانـەی کـەمۆر لـەیۆتۆپیادا ئاماژەیان پێدەدات لەدیاردەی بێزاری وکـەوتنی کۆمەڵی‌ئینگلیزی‌ـــدا خۆدەبینێتـــەوە کەدەیانگێڕێتـــەوە بۆچـــەندین فاکتـــەری جۆراوجـــۆر لەوانـــە زۆری ژمـــارەی ئـــەو خانەدانانەی کەوەك (نێری هـەنگ) لەسەرشانی ڕەنجـدەران وجوتیارەکـان دەژیـان لەڕێگـەی

**بەکرێدانی زەوییەکانیان بەکرێیەکی زۆر، ئەمە سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لەخزمەتکارو حاشیەی بێکاری ئەو خانەدانە ئینگلیزانە کەفێری هیچ جۆرە پیشەیەکی بەرهەمهێن نەبووبون تاپێی بژین. یەکێك لەخاڵە نێگەتیڤەکانی تربریتی بوو لەزاڵبوونی دیاردەی گەندەڵیوزیادە مەسرەفی بەشێوەیەکی ناعادیلانە،واتە شانبەشانی هەژاری وبرسێتی زۆربەی خەڵك گەندەڵی وتەرەفێکی لەڕادەبەدەریش هەبوو.**

تۆماس مۆر تەنها بەخستنەڕووی لایەنە نێگەتیڤەکانی ناوکۆمەڵگای ئینگلیزی نەوەستا ،بەڵکو پێشنیازی ئەوەی کرد کەپێویستە سنورێك بۆدەوڵەمەندەکان دابنرێت ونەهێڵدرێت دەوڵەت ودامودەزگاکان بۆبەرژەوەندی خۆیان قۆرخ بکەن لەوپێناوەشدا داوایکرد کەموڵکدارێتی گشتی جێگەی موڵکدارێتی تایبەتی بگرێتەوە بەوپێیەی کەهۆکاری سەرەکی ئەو هەموو پاشاگەردانییە. لێرەدا مۆر دەڵێت(ئەگەر بەڕاستگۆیی هەموو ڕازونیازی دڵم دەربڕم ئەوا پێم وایە کەموڵکدارێتی تایبەت لەهەر شوێنێك هەبێت ئەوا پارە ئەوپێوەرەیە کەهەموو شتێکی پێدەپێورێت، ئەوکاتەش ئاستەمە کەبڵێین کۆمەڵگا دادپەروەری ویەکسانی باڵی بەسەردا دەکێشێت). مۆر لەوەسفی کۆماری ئەفلاتون دا دەڵێت(ئەم فەیلەسوفە بەهرەمەندە بەئاسانی دەرکی بەوەکرد کەتەنها ڕێگا بۆبەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆهەمووان بریتیییە لەدەستەبەرکردنی یەکسانی لەهەموو بوارەکاندا وەکاتێك هەموو مرۆڤێك هەوڵدەدات بۆموڵکدارێتی ڕەها بەسەر هەموو شتێکدا کەدەستی دەیگاتێ، هەرچەندە شمەك وموڵکەکان زۆربن ئەوا لەنێوان هەندێك خەڵكدا دابەش دەبێت وخەڵکەکەی تریش بەهەژاریو نەدارایی‌دەهێڵنەوە،لەبەرئەوە(مۆر)لەدورگەی یۆتۆپیادا پێیوایە یەکسانی وخۆشگوزەرانی لەژیانی مرۆڤایەتی‌دا بەدی نایەت تاوەکو موڵکدارێتی تایبەتی هەڵنەوەشێتەوە.

تۆماس مۆر ئەم هەنگاوە بەڕێگەچارەی سەرەکی دەزانێت،چونکە پێیوایە چارەسەری بێئومێدی کۆمەڵگا لەرێگەی یاساکانەوە ناکرێت، بەڵکو یاساوڕێساکان ئەگەر جێبەجێ بکرێن ئەوا کەمێك لەکێشەکان سووك دەکەن. چارەسەرێکی تریش هەیە کەتۆماس مۆر بەمرونەتەوە باسی دەکات ئەویش لەڕیفۆرم لەناو دەوڵەت دا خۆی دەبینێ، ئەویش لەڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی پۆست ودامەزراوە سەرەکیەکان لەلایەن کەسانی دڵسۆزەوە.مۆر پێشنیار دەکات لەیۆتۆپیادا کەهیتلۆدی ڕیفۆرمەکان بگرێتە ئەستۆ تامرۆڤ بتوانێت ژیانی دەستەبەربکات بەشێوەیەك کەهەموو تواناوبەهرەکانی بخاتە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیەوە، بەڵام ئەمە بەو ئاستە بەدی نایەت تائەو مرۆڤە دڵسۆزە نەبێت بەڕاوێژکاری پاشایەکی گەورەو وای لێبکات کەڕێگەیەکی شەرەفمەندانە بگرێتەبەر. ئەفلاتون پێیوایە کەدەوڵەتان وگەلان بەختەوەری نابینن تائەو کاتەی فەیلەسوفەکان نەبن بەپاشا یان تاوەکو پاشاکان فەلسەفە نەخوێنن، کەوابێت چەند ئەو بەختەوەریە دوورە ئەگەر فەیلەسوفەکان ڕازی نەبن بەڕاوێژکردن وپرس پێکردنی پادشاکان، بەڵام لەم بوارەدا مۆر گومانی لادروست دەبێت کاتێك دەبینین لەسەر زاری هیتلۆدی بەگومانە لەوەی پادشاکان

ئامادەییـــان هـــەبێت بۆقبـــوڵکردنی ڕاوێـــژو ئامۆژگاری،بـــەڵام ئـــەفلاتون هـــەرزوو درکـــی بـــەوەکردبوو کەئەگـــەر پادشـــاکان خـــودی خۆیـــان فەلسەفە نەخوێنن ئەوا هەرگیز ڕاوێژو ئامۆژگاری فەیلەسـوفەکان قبـوڵ ناکـەن، چـونکە تێروپڕبـوون لــــەفێربوون و وەرگرتنـــــی هزروبیرۆکـــــە هەڵەکان،ئـەفلاتونیش ئـەو ڕاسـتیەی ئاشـکراکرد لەڕێگـــەی ئـــەزموونی تایبـــەتی خـــۆی لەگـــەڵ پاشا(دیۆنسیۆس)دا.

مـــۆر لەکۆتاییـــدا دەبیـــنێ جۆرێـــك لـــەڕازیکردن پـەیڕەودەکات وبەپێویسـتی دەزانێـت کەخزمـەتی پادشا بکرێت، چونکە ئەوە تاکەڕێگەیە بۆئیسلاح وچاکسـازی کـردن ولەمبارەیـەوە دەڵێـت(ئەگـەر نـەتتوانی بـڕین وکەلێنـەکان بـەئارەزووی خـۆت سـاڕێژبکەیت ئـەوا نابێـت دەوڵەتەکـە جێبهێڵـی، بـەڵکو پێویسـتە لەسـەرت لـەکاتی ڕەشـەبادا لەگـەڵ کەشتیەیەکەدا بمێنی چونکە تۆ ناتوانی کۆنترۆڵی باو باڕفت بکەیت).

لەڕاستیدا بەرهەڵستیەکانی(تۆماس مۆر)پێشـەنگ بـوون بۆوابەسـتەبوون بەڕێگـە چارەی بنەڕەتیـەوە کەبریتیەیـــە لەهەڵوەشـــاندنەوەی موڵکـــداریێتی تایبــەتی ودەســتەبەرکردنی موڵکــداریێتی گشــتی بەوشـێوەیەی کەلـەیۆتۆپیادا پێناسـەکراوەو زۆر بـەووردی لەبەشـی دووەمـی کتێبەکەیـدا باسـی کردووە.

لەڕاستیدا(یۆتۆپیا)ڕەنگدانەوەیە کەبەشێوازی کۆمەڵگای ئەلتەرناتیڤ بۆکۆمەڵگای ئینگلیزی کەلایەنی سلبی زۆری تێدا بەدەرکەوت بەهۆی هەژموونی موڵکداریێتی تایبەتیەوە.

یۆتۆپیـــا دوورگەیەکـــە نزیکـــەی(٥٤)شـــار لـەخۆدەگرێت کـەزەوی وزارێکـی زۆر فراوانـی هەیـە بەیەکسـانی دابەشـکراوە بەشـێوەیەك کەکـەس چـاو نابڕێتـە زەوی ئـەوی تر،چـونکە خـــەڵکی شـــارەکانی یۆتۆپیـــا خۆیـــان بەچــــێنەروجوتیاری زەوی دەزانــــن نــــەك خـاوەنی.شـارەکە کـەپێکهاتووە لەچـەندین خێزانی گـەورە کەهـەرخێزانێکیان لـە(٤٠)کـەس کەمترنیە بەپیاو وژنەوەو لـەناو ئـەو خانووانـەدا دەژین کەپێویست ناکات دەرگاکانیان دابخـەن، چـــونکە لـــەیۆتۆپیادا ئـــارامی وئاســـایش بەرقەرارەو موڵکداری تایبەتی‌نیە لەهەرشوێنێك دا،هەربـە دە سـاڵیش جارێـك یۆتۆپیاییـەکان لەڕێگەی قورعەوە خانووەکانیان دەگۆڕنەوە.

سیسـتمی سیاسـی لـە(یۆتۆپیـا)دا شـێوەیەکی نوێنەرایـەتی هەیـە کەهـەر سـی خێـزان سـاڵانە نوێنـــەرێك بۆخۆیـــان هەڵدەبـــژێرن ودەیکـــەن بەسـەرۆکی خۆیان،پاشـان هـەر دەلـەو سـەرۆکانەو بنەماڵـەکانیان سـەرۆکی یەکـەم هەڵدەبـژێرن،ئینجا دەستەی هەڵبژێردراوی سەرۆکەکان دیاری دەکرێت کـەژمارەیان(٢٠٠)کـەس دەبێـت ئەمـە دوای ئـەوەی کەباشترین وشارەزاترین کەس بەشێوەی دەنگدانی نهێنـی لەنێوکاندیدکراوەکانـدا دەبێـت بەسـەرۆکی گشـتی یۆتۆپیـا یـان حـاکمی گشـتی شـارەکە کەبەدرێـژایی ژیـانی فـەرمانڕەوایی دەکـات ئەگـەر بەتۆمەتی ستەمکاریو ئەشکەنجەدانی خەڵك لەسەر کـار لانـەبرێت.لـەیۆتۆپیا هـەموو شـتێك بەڕاوێـژ دەبێت، ڕاوێژکردن وگفتوگۆ هەربەدوو ڕۆژ جارێك لــەنێوان ســەرۆك وفەرمانڕەواکانــدا دەکرێــت بۆتــاوتوێکردنی ســەرجەم مەســەلەکانی تایبــەت

بەدەوڵەت وخەڵکی شارەکانی یۆتۆپیا لەڕووی(سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کلتوروفەرهەنگ، ئاسایش ومافی یەکسانی)ئەویش لەئەنجوومەنی گشتیدا کەهەموویان ئەندامن تیایداو مافی هەموو بیروڕا گۆڕینەوەو پێشنیاز کردنێکیان هەیە.

خەڵکی یۆتۆپیا وای دەبینن کەپێویستە ڕێزبگیرێت نەك هەرلە یۆتۆپیا کە(تۆماس مۆر)ی عاقڵمەندو ڕوناکبیر ویستی بیکات بەئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵگای ئینگلیزی ئەو کاتە کەهەموو دیمەنەکانی گەندەڵی وبێئومێدی لێ دەرکەوتبوو، بەڵام پێویستە ئەوەمان لەیادنەچێت کەتۆماس مۆر مەسیحیەکی زۆر دینداربوو لەبەرئەوە ئەو شێوەیەی کەمۆر بۆکۆمەڵگای یۆتۆپیای داناوە واپێدەچێت لەپەیامەکانی مەسیحیەتەوە بۆمرۆڤایەتی دوورنەبێت،تۆماس مۆرخۆیشی هەرپێی وایە چونکە لەیەکێك لەشیکارەکاندا دەڵێت(مەسیح پەیامەکانی یەکسانی ژیانی لەنێو لایەنگروخوێندکارەکانیدا بلاوکردەوە)، هەر ئەو ڕوحیەتەشە کەوەك تێزی سۆسیال دیموکراتی تائێستاش لەناو کۆمەڵگا ڕەسەنەکانی ئەوروپادا پیادە دەکرێت.هەوڵی لێك نزیککردنەوە لەنێوان مەسیحیەت وسۆسیالیستیدا کەتۆماس مۆر زۆر پەیوەست بوو پێوەی ئاماژەیە بۆئاشکرابوونی جۆرێك لەڕیفۆڕمی ئاینی شانبەشانی بزاڤی چاکسازی کۆمەڵایەتی،ئەم ویستەش بۆچاکسازی کۆمەڵایەتی لای مۆر بەڕوون وئاشکرایی دیارە لەکاتێکدا ڕەخنە ئاراستەی سیستمی (کەهەنوتی) تەقلیدی دەکات کەپێیان دەڵێت(ئای کەکۆمەڵێکی زۆر تەمەڵ هەن لەکاهین وپیاوانی ئاینی).

تۆماس مۆر لەکاتێکدا زۆر وابەستەیی خۆی نیشان دەدات بەبزاڤی چاکسازی وڕیفۆڕمی ئاینیەوە خۆی لەئاستی(مارتن لۆثە ر)دا دەبینێتەوە کەلەئەڵمانیا بزوتنەوەی ڕیفۆرمە ئاینیەکانی بەرپاکرد، بەڵام هەرگیز ئەمە ڕووی نەدا کاتێك مۆر لەکتێبی(بەڵگەی حەوت نهێنیە پیرۆزەکە)دا پاڵپشتی پاشا(هنری هەشتەم)ی کرد کەئەو کتێبەی تەرخان کرد بۆوەڵامدانەوەی لۆثەر.

لەڕاستیدا تۆماس مۆر هەروەك(ئیراسمس)ی هاوڕێی دەترسا لەدەرچوون لەفەرمانەکانی کەنیسە،چونکە باوەڕی وابوو کەئەم جۆرە ڕەفتارکردنە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕیزی ئاشتی،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەسەرەڕای بوونی فیکری ئینسانی مەسیحی،مۆر لەبیرۆکەوهزرەکانیدا هەمیشە هەڵگری پەیامی ئاشتیخوازانەی ئاینی مەسیحی بوو.

لەبەرئەوە دەبینین کەمۆر هەروەك هاوڕێکەی(ئیراسمس) ڕیفۆرمی ئاینی بەپێویست دەزانێ، بەڵام لەناوەوەی کەنیسەدا نەوەك لەدەرەوەی،بەڵام مارتن لۆثەر بەپێچەوانەوە پێی وابوو کەبزوتنەوەی ڕیفۆرمە ئاینی پێویستە لەدەرەوەی کەنیسەدا ئەنجام بدرێت بۆئەوەی بزوتنەوەیەکی گشتگیربێت.

*سەرچاوە:*

الفكر السياسی الحديث-الدكتور عبدالرضا الطعان-بەشی دووەم بغداد-١٩٨٨.